# میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان لە شیعردا
## پەڕتووکی "چیایەکانی من" بە نموونە

**خەلیل سەلیم**
**زانستگەی سۆران**
**ئابی 2017**

**من لە ژانەوە هاتووم و حەزم لە شەوقی شادییە.**

**هەندرێن**

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە شیکردنەوەیەکی چۆنیەتیی لە ڕێگەی مێتۆدی شیکردنەوەی دەق (Context Analysis)، کە نموونەی توێژینەوە بریتییە لە کۆمەڵێک دێڕە شیعر لە پەڕتووکی کۆشیعری "چیایەکانی من". ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە میکانیزمی بەرگری دەروونیی لە شیعرەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی پێشان دەدات. سەرەڕای هەبوونی چەند جۆرێک لە میکانیزمی بەرگریی؛ لەم توێژینەوەدا تەنیا باس لە پێنج جۆر لە میکانیزمی بەرگری دەروونیی کراوە، ئەوانیش میکانیزی بەرگری دەروونیی "چەپاندن، پاساوهێنانەوە، دانەپاڵ، گواستنەوە و گەڕانەوە"یە. هەریەک لەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیانە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە نێو دێڕە شیعرییەکاندا خۆیان پێشان دەدەن. میکانیزمی بەرگری دەروونیی چەپاندن، لەو دۆخانەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر ناتوانێت هەندێ خواست و ئارەزووی خۆی تێر بکات، بۆیە ناچارە، وەک میکانیزمێکی بەرگریی بیانچەپێنێت. هەرچی میکانیزمی بەرگری دەروونیی پاساوهێنانەوەیشە، ئەوا ئەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیە لە دەربڕینە شیعرییەکانیدا، لە چەند دێڕێکدا بەرچاو دەکەون. ئەویش بەو ئامانجەی، کە فشارە دەروونیەکانی خۆی بە بەکارهێنانی هەندێ پاساو کەمبکاتەوە.
یەکێکی تر لەو میکانیزمە بەرگرییانەی، کە شاعیر بەکاریهێناوە، بریتییە لە دانەپاڵ، کە شاعیر لە دەربڕینە شیعرییەکانیدا، هەڵساوە بە دانەپاڵی هەندێ ڕەفتار و سیفەت بە کەسێکی تر، بەو مەبەستەی، کە بتوانێت هاوسەنگی دەروونیی خۆی بەدەستبهێنێتەوە. هەرچی میکانیزمی بەرگری گواستنەوەیشە، ئەوا شاعیر لە چەند شوێنێک هەوڵی ئەوەی داوە، کە ئەو بابەتانەی فشار لەسەر دەروونی ئەو/شاعیر دروست دەکەن، بیگوازێتەوە بۆ بابەتێکی تر. واتە گۆڕینی ئۆبژەیەک بە ئۆبژەیەکی تر. میکانیزمی بەرگری دەروونیی گەڕانەوەش، جۆرێکی ترە لەو میکانیزمانەی، کە لە دەربڕینە شیعرییەکانیدا لەلای شاعیر دەردەکەون، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر بۆ بەدەستهێنانی ئارامیی ناخی، ویستی ئەوەی هەیە، کە بگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێشووتری تەمەنی خۆی، چونکە

ڕەنگبێت قۆناغی ڕابردووی تەمەن، بۆ ئەو/ شاعیر ئارامتر و خۆشتر بێت لە قۆناغی ئێستای، جا بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆخەی ئێستا ڕزگار بکات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یاخود نائاگاییانە هەوڵی ئەوەدەدات، کە بە نووسین، ئەو هەستەی ڕابردووی لە خۆدا جۆشبداتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** میکانیزمی بەرگری دەروونیی، دەروونشیکاریی، دەروونشیکاریی ئەدەب.

**پێشەکی:**

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیی، لەخۆگری کۆمەڵێک بارودۆخی دەروونییە، کە لە نائاگایی (Unconscious)ی شاعیردا خۆیان مەڵاسداوە و شاعیر دەیەوێت، لە ڕێگەی بەرهەمی ئەدەبییەوە دووبارە بیانگەڕێنێتەوە بۆ بارودۆخی ئاگایی (Conscious). لەم بارەوەش دەروونشیکاری نەمساویی، سیگمۆند فرۆید ( Sigmund Freud) ئاماژە بەوە دەکات، کە نائاگایی، بەدیهێنەری تەواوی بەرهەمە ئەدەبییەکانە لەلای بوێژدا. کەوابێت دەبێت تەواوی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی بارودۆخێکی دەروونیی تایبەت، بە خودی نووسەرەوە هەڵقووڵابن.

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ پەڕتووکی "چیایەکانی من"یش وەک بەرهەمێکی ئەدەبیی، کە لە نووسینی شاعیر و نووسەری کورد هەندرێنە، بکەین. هەڵبەتە ئەم پەڕتووکە بریتییە لە کۆشیعر، کە تەژییە لە بارودۆخی دەروونیی، کە نووسەر لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە، گوزارشتی لێکردوون. ئەوەی، جێگەی سەرەنج بێت لەم پەڕتووکەدا، نووسەر کۆمەڵێک میکانیزمی بەرگری دەروونیی بەکار هێناوە. بۆیە لە ژێر ڕووناکی تیۆری دەروونشیکاریی، هەندێک لە شیعرەکانی شاعیر و نووسەری ناوبراو، لە پەڕتووکی "چیایەکانی من"، دەخەینە ژێر شیکردنەوە و تاوتوێکردنەوە.

**پرسیاری لێکۆڵینەوە:**

چۆن میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان لە ڕێگەی دەربڕینی شیعرەکانەوە، لە پەڕتووکی چیایەکانی من، ڕەنگی داوەتەوە؟

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

شیکردنەوەی میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان وەک: (چەپاندن، پاساوهێنانەوە... تاد، لە ڕێگەی دەربڕینی شیعرییەوە.)

**گرینگی لێکۆڵینەوە:**

چوونە ناو بابەتی خوێندنەوەی شیعریی، لە ڕێگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە، کە ئەمەش گرینگی دەبێت بۆ ئەکادێمستەکان، کە لەم بوارەدا کار دەکەن. هەروەها هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەروونشیکاریی لە شیعردا، سەرباری ئەومەش، زیادکردنی سەرچاوەی ئەکادێمیی لەم بارەیەوە.
ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەک ڕەخنەی دەروونشیکاریی ئەدەب، هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی لایەنێک لە سایکۆلۆژیای مرۆڤ، کە ئەویش بریتییە لە میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان. زانایانی دەروونشیکاریی لەو باوەڕەدان، کە دەربڕینە ئەدەبییەکانی وەک شیعر، پەخشان، چیرۆک و ڕۆمان... تاد، کەرەستەیەکی گرینگن بۆ ئەوەی بویێژ لە ڕێگەیانەوە گوزارشت لە بارودۆخی دەروونی خۆی بکات و بەشێوەیەکی نائاگایانە دەریان ببڕێت. میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکانیش، وەک بەرگرییەک بۆ فشارە دەروونیەکان لەم پەڕتووکەدا، لە چوارچێوەی شیعرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**دەروونشیکاریی:**

ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە دوای سەتەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا ڕوویاندا، کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر جیهان بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی دروست کرد. دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازیی لەو سەردەمەدا، بووە هۆی ئەوەی، کە گەشە و گۆڕانکاریی لە بواری مەعریفیی و فەلسەفیشدا دروست ببێت. ئەو وەرچەرخانە مێژووییە، کاریگەرییەکی بەرچاویشی لەسەر فەلسەفە بە گشتی دروست کرد؛ ئەو زانستانەی، کە پێشووتر لەناو بازنەی فەلسەفدا دەخولانەوە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانە توانییان خۆیان لە بازنەی فەلسەفە جیا بکەنەوە. لە سەروبەندی سەتەکانی نۆزدە و بیستەمیشدا دەروونزانیی، وەک زانستێکی سەربەخۆ هەنگاوێکی گرینگی لە بەرەوپێشچوون بەخۆوە بینی و چەندین ڕەوت و لقی جیا جیای لێدروست بوون، کە هەر یەکێکیان لەبارەی زانستی دەروونزانییەوە خاوەن تیۆر و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان بوون. لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەش، ڕەوتی دەروونشیکارییش تایبەتمەندی خۆی لە بواری دەروونییدا وەرگرت. لە دەستپێکدا دەروونشیکاریی لە چوارچێوەی زانستی پزیشکیدا هەوڵی ڕاڤەکردنی لایەنە دەروونییەکانی دەدا، بۆیەش دەبینین هەریەک لە سیگمۆند فرۆید و ئادلەر لە سەرتادا لە پسپۆڕیی زانستی پزیشکییەوە، کارە دەروونشیکارییەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، بەڵام دواتر توانییان لە چوارچێوەی زانستی پزیشکیی، خۆیان دەرباز بکەن و بخزێنە ناو بواری دەروونییەوە.
زانستی دەروونشیکاریی، یەکێکە لەو زانستە چارەسەریە دەروونیانەی، کە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی گرژی دەروونیی دەدات. شایەنی باسە سەرەتای دەرکەوتنی ڕەوتی دەروونشیکاریی، وەک شۆڕشێکی گەورە، دژ بە زانستی پزیشکیی، لەسەر دەستی فرۆید دەرکەوت. (ڕەسول، ٢٠١٢: ٦٧)

فرۆید دوای بڵاوکردنەوەی پەڕتووکە بەناوبانگەکەی خۆی، بەناوی "شیکردنەوەی خەونەکان" لەساڵی ١٩٠٠، هزرە دەروونشیکارییەکەی خۆی، ئاشکرا کرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو پەڕتووکە، مشتومڕێکی زۆر لە ناوەندە زانستییەکان لە بارەی هزری فرۆید دروست بوون، چونکە هزرەکانی ئەو لە بارەی خەون و پرۆسە عەقڵییەکان بۆ ئەو سەردەم، شتێکی نوێ و نامۆ بوو. هەروەها جەختی لەوە دەکردەوە، کە دوو ڕەمەکی سەرەکی لە مرۆڤدا هەن و هێزی پاڵپێوەنەری ئاڕاستەکردن و جووڵێنەری سەرەکین لە گشت مرۆڤێکدا، ئەوانیش "ڕەمەکی ژیان- Eros" و "ڕەمەکی مردنە- Thanatos". سەرباری ئەوانەش، فرۆید جەخت لەسەر سێ لایەنی سەرەکی دەکاتەوە، کە پێی وایە ئەم سێ لایەنە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا و پێی وایە، کە تەواوی کەسایەتی مرۆڤەکان بە کاریگەری ئەم سێ لایەنە لە قاڵب دەدرێن، ئەوانیش بریتین لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵیەتی، هێزی نائاگایی و زایەندە. (عزیز، ٢٠١٢: ل٣٣)

لەسەر بنەمای تۆپۆگرافیدا، هزرەکانی فرۆید، لەبارەی ڕەسەنایەتی کەسایەتی مرۆڤ لە چوار چێوەی سێ ئاستی ئاگایی، خۆی دەبینێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە ئاگایی (Conscious)، پێشاگایی (Pre-Conscious) و نائاگایی (Unconscious). فرۆید پێی وایە ئاگایی بریتییە لەو بەشەی هۆشیاریی مرۆڤ، کە بەرپرسە لە هەموو ئەو تاقیکردنەوە دەروونیانەی، کە لەهەر چرکەیەکدا ئاگاییمان لەبارەیەوە هەیە. هەروەها پێی وایە، کە ئەم بەشە، ناوچەیەکی بچووکی هۆش پێکدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە باسکردن لە پێشاگایی، پێی وایە، ئەو بەشە ئەرکی ئەوەیە، کە ئەو هزر و توخمانەی، کە ناکەونە پانتایی ئاگاییەوە، لەو شوێنە دەپارێزرێن و لە هەرکاتێکدا دەتواندرێت بە ئاسانی بهێندرێنەوە بۆ ناو ئاگایی. لەگەڵ ئەوانەشدا فرۆید پێی وایە، کە بەشی هەرە گەورە و گرینگ لەم سێ ئاستانەدا؛ ئاستی نائاگاییە، چونکە پێی وایە ئەم بەشە پانتاییەکی گەورەی هۆش داگیر دەکات. زۆرجار بەوە وێنای دەکات، کە ئەو بەشە نائاگایی، وەک سەهۆڵی جەمسەرەکان وایە، کە بەشێکی بچووکی سەرئاو کەوتبێت، بەشی هەرە گەورەشی لەژێر ئاودا شاردرابێتەوە، جا ئەو بەشەی، کە دیارە بریتییە لە ئاستی ئاگایی و پێشاگایی، بەڵام ئەو بەشە گەورەیەی ژێر ئاو کەوتووە و دیار نییە؛ بریتییە لە ئاستی نائاگایی. بە بڕوای فرۆید ئەم بەشە گەورەیەی هۆش، کە بە نائاگایی ناوبێژی دەکات، کۆگەی هەموو ئەو شتە یاساغ و قەدەغە کراوانەیە، کە چەپێندراون، چونکە لە بەکردارکردنیان تووشی بەربەست بوونەتەوە، بۆیە بە ناچاریی لەو بەشەی هۆش ماونەتەوە تا کات و زەمینەیەکی لەبار دەدۆزرێتەوە بۆ بەکردارکردنیان.

لەدوای ئەم دابەشکارییە، فرۆید لەسەر بنەمای تیۆری بونیادییەوە، بنەڕەتی پێکهاتەی کەسایەتی بۆ سێ ئاستی تر، دابەشکرد، کە ئەوانیش بریتیین لە ئەو (Id)، من (Ego) و منی باڵا (Super Ego). لە باسکردن لە بارەی "ئەو" پێی وایە؛ کە ئەم بەشە سیستێمی ڕەسەنایەتی مرۆڤە و

هاوکاتە لەگەڵ نائاگایی، چونکە پێی وایە ئەو بەشەی کەسایەتی مرۆڤ، هەمیشە بەدوای چێژدا دەگەڕێت و ئامانجیشی تەنیا دەستەبەرکردنی چێژە، بەبێ گوێدان بە یاسا و ڕێگریەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە، کە "من" بریتییە لە جیهانی واقیعیی، چونکە ئەم بەشە لەسەر بنەمای واقیع کار دەکات و ئەرکی دوورخستنەوەی مرۆڤە لە هەموو ئەو هەڕەشانەی، کە بەهۆی ویستەکانی "ئەو" دروست دەبن. ئەو بەشە لە یەک کاتدا بیر لە ویستەکانی ئەو و منی باڵا دەکاتەوە و ئەرکی سەرەکیشی ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان ئەو دوو بەشەوە. سەبارەت بە "منی باڵا"ش فرۆید پێی وایە ئەم بەشە لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەست بە گەشەکردن دەکات و لەسەر بنەمای ویژدان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان کار دەکات، ئەویش بە هۆی ئەو یاسایانەی، کە لە دەوروبەری فێر دەبێت. ئەو بەشە ئەرکی ئەوەیە، کە پێڕەوی لەو یاسا و دابونەریتانە بکات، کە کۆمەڵگەکەی لەسەر بنیادنراوە، واتە ئەو بەشە بەرپرسە لە دروستکردنی کەسایەتییەکی خواستراو لە کۆمەڵگەدا. (حسێن، 2007: 347)

فرۆید، گرینگییەکی ئێکجار زۆر بە زایەندە دەدات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە بەشێک لە تیۆردانەرانی سەر بە ڕەوتی فرۆیدیی، لەگەڵ بۆچوونەکانی هاوڕا نەبن و لێی جیا ببنەوە. هەر یەک لە ئەلفرێد ئادلەر (١٨٧٠-١٩٣٧) و کارل گۆستاڤ یۆنگ (١٨٧٥-١٩٦١)، کە دوو خوێندکاری فرۆید بوون و زۆر لە بنەما و بۆچوونەکانیان لە هزری فرۆیدەوە گەڵاڵە ببوون، لەبەر زۆر گرینگیدان بە لایەنی زایەندەیی لە ژیانی مرۆڤدا، وازیان لە دەروونشیکاریی هێنا.

ئادلەر، بە پێچەوانەی فرۆید، گرینگی زایەندە لە ژیانی مرۆڤایەتی کەم دەکاتەوە و پێی وایە هەستکردن بە کێماسیی (Inferiority) لە ئاگایی و نائاگایی هەر مرۆڤێک دایە و دەبێتە هۆی ئافراندنی میکانیزمێکی داکۆکیکردن و بنەمای ڕەفتارە دەروونیەکانی مرۆڤ. سەرباری ئەمانەش پێی وایە، کە غەریزە تاکە جوولێنەری مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و کارتێکراو دەبێت بە چەندین پاڵنەری کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها لەو باوەڕەدابوو، کە کەسایەتیمان ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەرمان دروستی دەکات، نەک پێویستییە بایۆلۆژیی و هەوڵدان بۆ تێرکردنیان، وەک ئەوەی، کە فرۆید باوەڕی پێی هەبوو. بۆچوونەکانی ئادلەر، بە لادانێکی گرینگ لە تیۆری دەروونشیکاریی فرۆید هەژمار دەکرێت، چونکە ئەو تێگەیشتنەی ئادلەر لەبارەی مرۆڤەوە هەیبوو، جیاواز بوو لە تێگەیشتنی فرۆید بۆ سروشتی مرۆڤ. ئەو/ ئادلەر سروشتی مرۆڤی وێنا نەکرد، وەک پاشماوەی ڕەمەک و ململانێ، هەروەها لەو باوەڕشدا نەبوو، کە سروشتی مرۆڤ مەحکومە بە کاریگەرییە بایۆلۆژیی و ئەزموونەکانی پێنج ساڵیی، لە تەمەنی مرۆڤدا. سەرباری ئادلەر، یۆنگ پێی وابوو، کە جەختکردنەوەی فرۆید لە بارەی زایەندە، زێدەڕۆیی تێدایە و بەو شێوازە گەورەیەی، کە فرۆید باسی دەکات، خزمەت بە دەروونشیکاریی ناکات و لەگەڵ هەلومەرجی پێشکەوتنی شارستانییەتدا ناسازن، سەرباری ئەوەش یۆنگ پێی وایە، کە ئەم پێداگریە زۆرەی فرۆید بۆ زایەندە، لەگەڵ ئاکاری گشتیدا تووشی بەریەککەوتن دەکەونەوە.

هەروەها لە شیکردنەوەی خەوندا، کە فرۆید پاڵنەری زایەندەیی دەداتە پاڵ، یۆنگ خۆی لەم بابەتە دوورخستەوە و لەجیاتی زایەندە خۆی بە بابەتی ڕابردووی خەونبین و ڕابردووی نائاگایی کۆمەڵ خەریک کرد. هەرچەندێکیش لەگەڵ قۆناغەکانی پەرەسەندی فرۆیدیانە هاوڕابوو (قۆناغی دەمی و کۆئەنەدامی زاوزێ)، بەڵام ئەو لەو باوەڕەدانەبوو، کە پێوەندی نێوان منداڵ و دایک، مەیلی زایەندەیی تێدا بێت، وەک ئەوەی فرۆید باوەڕی پێی هەبوو. بە گشتی بێجگە لە مەسەلەی زایەندە، جیاوازیی یۆنگ و فرۆید لەوەدابوو، کە فرۆید جەخت لەسەر نائاگایی تاک دەکاتەوە، بەڵام یۆنگ باوەڕی بە نائاگایی کۆمەڵ هەیە. هەروەها فرۆید پێی وایە، کە ئەو (Id) بەشی ڕەسەنی کەسایەتییە، بەڵام یۆنگ پێی وایە، کە من (Ego) بەشی ڕەسەنی کەسایەتییە. (دۆنسێ: ٢٠٠٥)

**دەروونشیکاریی لە بواردی ئەدەبدا:**

بەشێک لە ڕەخنەگران، لە بواری ئەدەبییدا پشت بە بنەمای دەروونیی لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەیییەکانیاندا دەبەستن. ئەو ڕەخنەگرانە هەوڵی ئەوەدەدن، کە بارودۆخی دەروونیی نووسەر دەستنیشان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوە دەدەن، کە لایەنی هەست و سۆزە شاراوەکانی نووسەریش بەدەربخەن، کە بووەتە هۆی ئافراندنی بەرهەمە ئەدەبیەکەی. لەوما هەوڵی ئەوە دەدەن، کە کاریگەریەکانی دابونەریت، کولتوور و بەها ... تاد، بخەنەڕوو، کە بووەتە هۆی دروستکاری بارودۆخێکی دەروونیی لەلای ئەدیبدا. لە ڕێگەی ئەو مێتۆدەوە هەوڵی ئەوەدەدرێت، کە سەرەتا لە بابەتی ئەدەبیی و شیعریی بکۆڵدرێتەوە، چونکە بابەتی ئەدەبی شیعر، ئافراندنی ژیانێکی خەیاڵی نوێیە و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نووسەر توانا دەروونیەکانی خۆی وەگەڕبخات و بتوانێت ئەفراندنێک لە کایەی ئەدەبییدا بئافرێنێت. (برێسلێر، 2002)

دەروونشیکاریی، جۆرێک ڕەخنەی لە بواری ئەدەبدا بنیادنا. ڕەخنەی دەروونشیکاریی بۆ ئەدەب، لەخۆگری تەکنیکێکی تایبەتە، کە دەتوانێت ڕاڤە و شیکار بۆ بەرهەمە ئەدەبیەکان بخاتە ڕوو. لە دەروونشیکارییدا بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر لایەنی نائاگایی مرۆڤ دەکرێت، بە تایبەت ئەو نائاگاییانەی، کە ڕەهەندێکی ڕەمەکیی، یاخود زایەندەیان هەیە، بەو ئامانجەی، کە بتوانن وا لە مرۆڤ بکەن، کە لە ڕێگەی گۆکردنەوە بە ئازادیی و بەبێ بەربەست، گۆی بکەن و خۆیان لە کۆتوبەندە بەربەستەکانی بە کردارکردنی ئەم شتانە ڕزگار بکەن. شیانەی باسە ڕەخنەی دەروونشیکاریی لە بارەی ئەدەب، لەسەر بنەمای هزرەکانی فرۆید بنیاد نراوە. فرۆید لەو باوەڕەدایە، کە مرۆڤ هەمیشە بۆ بە کردارکردنی ویستەکانی، دەکەوێتە بارودۆخێکی دژبەرەکانە. دەتوانین بڵێین؛ تەواوی بەرهەمەکانی فرۆید بەجۆرێک لە جۆرەکان، پێوەندی بە نائاگایی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ئەو پێی وایە، کە ئەو بەشە نائاگاییەی مرۆڤ، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر کردەوەکانی هەیە. ئەو تێگەیەی، کە بە نائاگایی ناوبێژ دەکرێت، هزرێکی سەرکوتکارە (Repression)، واتە ئەو بارودۆخە فەرمۆشکراوەیە، کە سەرکوت کراوە و لە کاتی ڕوودانیدا

نەتواندراوە بە کردار بکرێت. فرۆید پێی وایە، کە لە کاتی پڕۆسەی پاڵاوتن (Sublimation)، ئەم نائاگاییە دەگۆڕێت بۆ پڕۆسەیەکی گەورەتر و دەتواندرێت شتی گەورەشی لێوە بئافرێندرێت. (باری، ٢٠٠٨: ١٣)

کارڵ گۆستاڤ یۆنگ (Karl) یەکێکە لەو بیرمەندانەی، کە لە کایەی ڕەخنەی دەروونشیکاریی بۆ ئەدەب، خاوەن هزری تایبەت بەخۆیەتی. یۆنگ پێی وایە، کە دەروونیی مرۆڤ لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش ئاگایی، نائاگایی تاکی و نائاگایی کۆمەڵن. لە ڕوانگەی یۆنگەوە ئاستی ئاگایی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری نائاگاییەوە، هەرچی هەردوو ئاستەکەی تری نائاگاییش، واتە نائاگایی تاکی و نائاگایی کۆ، ئەوا نائاگایی تاکی بە هەبوونی ئاگاییەوە بوونی هەیە و هەڵگری تەواوی ئەو ڕەگەزانەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە کردار دەکرێن. هەروەک یۆنگ پێشی وایە، کە ئاستی ئاگایی تاک، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت و هەمان شت نییە. سەبارەت بە نائاگایی کۆمەڵیش، ئەوا پێی وایە، کە ئەم بەشە بریتییە لە ئاستی قوڵایی دەروونی هەر مرۆڤێک و هەڵگری تەواوی هێما، زانست و ئەزموون ... تاد، مێژووی مرۆڤایەتییە، کە تەواوی مرۆڤایەتیی لە بەرانبەر ئەفسانە هەمان هەڵوێست دەنوێنن، ئەمەش بەو واتایە نییە، کە مرۆڤەکان لە هەرشوێنێکی دنیا گوێبیستی یەک چیرۆک، یاخود ئەفسانە بووبن، بەڵکو بەو واتایەیە، کە هەموو مرۆڤەکان هەڵگری هەمان بیرەوەریین، کە خۆیان لە نائاگایی کۆدا حاشارداوە و لە شێوەی نموونەی ئەزەلی (Archtypes) ئامادەییان هەیە. شایەنی باسە نموونەی ئەزەلی، بریتییە لە هەموو ئەو وێنە بەردەوامانەی، کە لە هزری هەرتاکێکدا هەیە، ئەوانیش وەک لەدایکبوون، مەرگ، وەرزەکانی ساڵ و دایکایەتی ... تاد. یۆنگ پێی وایە، کە ئەم وێنانە لە ڕێگەی چیرۆک، ئەفسانە و فانتازیاکان خۆیان پێشان دەدەن و لە چوارچێوەی ئەدەبیشدا، لە شێوەی کەسایەتی و ڕووداو دووبارە دەردەکەونەوە، چونکە ئەدیب ئەو شتانە دەئافرێنێت، کە لە نائاگایی کۆدا هەڵگیروان. جا ئەو وێنانەی، کە ئەدیب دەردەبڕێت، ئەگەر لە ئەزموونی نائاگایی کۆمەڵی خوێنەر کەم پێشاندرابن، ئەوا هەست و سۆزی خوێنەر دەورووژێنێت. شایەنی باسە لە گەڵ دەرکەوتنی نموونەی ئەزەلی یۆنگ، ئەوا هزری فرۆید تاڕادەیەک لە بواری ئەدەبدا پاشەکشەی پێکرا. (جارلس برێسلێر، 170)

لەگەڵ ئەوەشدا لە دەوروبەری دەیەی شەستەکاندا، هزرەکانی فرۆید لەسەردەستی هزرڤانی فەرەنسی ژاک لاکان (Jacques Lacan) دووبارە هاتەوە ناو مەیدانی ڕەخنەییەوە. لاکان، وەک هزرڤانێکی بواری دەروونشیکاریی پێش پێکهاتەخوازیی و دوای پێکهاتەخوازیی، بەشێک لە هزرەکانی خۆی لە زمانناس فێردیناند سۆسێر وەرگرت. لاکان، بە پێچەوانەی فرۆید، کە پێی وابوو نائاگایی ناوچەیەکی بێڕێسای زمانی هەیە. ئەو پێی وایە، کە نائاگاییش بونیادێکی وەک زمانی هەیە و نائاگایی لە ژێر کاریگەری ڕێزمانی دال دایە، کە وێنەی هەستی بۆ پێکهاتە دەگوازێتەوە، هەروەها لاکان پێی وایە، کە ئەگەر بمانەوێت لە نائاگایی تێبگەین، ئەوا ئێمە تەنیا لە ڕێگەی گۆکردن و زمانەوە نائاگایی دەناسین. کەواتە جۆرەکانی هاوشێوەیی لە پێوەندی نێوان

ڕەگەزەکانی نائاگایی دالەکان و شێوەکانی تری زماندا هەیە. لاکان لەو باوەڕەدایە، کە نائاگایی لە ڕێگەی دەربڕینی سۆبژە لە ئاستی سیمبۆلیدا دروست دەبێت. هەروەها دووبارە بە پێچەوانەی باوەڕی فرۆید، لاکان پێی وایە، کە نائاگایی مرۆڤ، نائاگاییەکی تاکی نییە، هەروەک چۆن پێچەوانەی یۆنگیش، کە پێی وابوو نائاگایی کۆمەڵ هەیە، ئەو/ لاکان پێی وابوو، کە ئاگایی بەرهەمی ئاستی سیمبۆلی "ئەودیوی تاکە – Trans-individual" لەسەر سۆبژە. کەواتە ئەم هزرە هەڵگری سێ هزری هاوپێوەندە، کە ئەوانیش بریتیین لە:

یەکەم؛ نائاگایی، چیەتی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو شتێکە دەلالەت لەخۆدەگرێت.

دووەم؛ نائاگایی، بەرهەمی بەریەککەوتنی سیستێمی سیمبۆلی ئەودیوی تاکە لەسەر سۆبژە.

سێیەم؛ نائاگایی، بونیادێکی وەک زمانی هەیە. (هۆمەر، 2017: 90)

## میکانیزمی بەرگری دەروونیی

میکانیزمی بەرگری دەروونیی، دەتوانین بەوە پێناسەی بکەین، کە بریتییە لەو بارودۆخە بەرگریە دەروونیەی، کە تاک بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشارە دەروونیەکان دەیگرێتە بەر. بە بڕوای فرۆید ئەو میکانیزمە بەرگریە دەروونیانە لەو کاتەدا دەردەکەون، کە لە نێوان خواستە چێژخوازەکانی ئەو "ID" و خواستە ئایدیاڵی و نموونەییەکانی منی باڵا "Super Ego" ململانێ دروست دەبێت و من "Ego" لەو بارودۆخەدا، تاک دەکەوێتە بارودۆخی شڵەژانی دەروونیی و دڵەڕاوکێی لەلا دروست دەکات، ئەمیش بەو ئامانجەی، کە مەترسییەک هەڕەشە دەکاتە سەر "من- Ego"، بۆیەش دەبێت "من" بە ئەرکی خۆی هەستێت، تاوەک بتوانێت ئەم هەڕەشانە کەم بکاتەوە و هاوسەنگییەک لە نێوان خواستە چێژخوازەکانی "ئەو" و خواستە کولتووریی و ئایدیاڵییەکانی "منی باڵا"دا دروست بکات، زۆر جاریش بۆ بەدەستهێنانی ئەو هاوسەنگییە "من" هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی چەند فێڵێک، کە ئەوانیش بریتین لە میکانیزمە بەرگریەکان. فرۆید ئاماژە بەوە دەکات، کە دەکرێت مرۆڤ لە یەککاتدا چەندین میکانیزم بەکاربهێنێت، تاوەک بتوانن هەندێ شتی واقیعی وەلاوە بنێن و نکوڵییان لێبکات.

شایەنی باسە، کە ئەو میکانیزمە بەرگریە دەروونیانە بە شێوەیەکی نائاگایی کاردەکەن. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: کە میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان دوو کاری هاوبەش دەکەن، یەکەمیان ئەوەیە، بە شێوەیەکی نائاگاییانە کار بۆ ئەوە دەکەن؛ بۆ ئەوەی هەستێکی خۆفریودان لە واقیع لەلای مرۆڤ دروست بکەن و خۆیان لە واقیعی ڕووداوەکان، یاخود کێشەکان دووربخەنەوە. دووەمیشیان ئەوەیە، کە هەستی واقیعیانە لە مرۆڤدا دەسڕنەوە. واتە لە کاتی هەبوونی ڕووداوێکی نەخوازراو پێوەندی مرۆڤ بە واقیع لەناو دەبەن. (شاملۆ، 2010: 54)

زۆرن ئەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیانەی ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی فشار لەلای مرۆڤ هەیە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گرینگترن ئەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیانەن، کە بریتین

لە؛ چەپاندن (Repression)، پاساوهێنانەوە (Rationalization)، دانەپاڵ (Projection)، گەڕانەوە (Regression)، گواستنەوە (Displacement)، دروستبوونی پێچەوانە ( Reaction Formation) و ڕێزدارکردن (Sublimation).

میتۆدی لێکۆڵینەوە:
ئامانجی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان لە پەڕتووکی کۆشیعری "چیایەکانی من". لەم لێکۆڵینەوەیە میتۆدی چۆنایەتی ( Qualitative Method) بەکارهاتووە. تایبەتمەندی ئەم میتۆدە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتایە، لەوما ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە، بریتییە لە شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەوەی، کە چۆن میکانیزمە بەرگریە دەروونیەکان لە ڕێگەی دەربڕینی شیعرییەوە لە پەڕتووکی چیایەکانی من ڕەنگی داوەتەوە؟ سەربارى ئەوەى، کە ئەم میتۆدە بەکار دەهێندرێت، لەنێو ئەو میتۆدەش، پشت دەبەسترێت بە داتای دووەمی و داتای شیکردنەوەی دەقیش (Context analysis) بەکاردەهێندرێت.
هەڵبەت میتۆدی چۆنایەتی لە بواری زانستی کۆمەڵایەتییدا میتۆدێکی گرینگە، چونکە لە ڕێگەی ئەو میتۆدەوە دەتواندرێت وەسف، شیکردنەوە و داتایەکی قووڵ دەستبکەوێت. ( Bogham and Biklen،1992 )، سەرەڕای ئەمانەش ئەم جۆرە میتۆدە بەو تایبەتمەندییە لە میتۆدەکانی تر جیادەکرێتەوە، کە دەتوانێت شیکردنەوە بۆ هەموو ئەو دیاردە، دەق ... تاد، کە بە وشە دەردەبڕێن، بکات. (Marshall and Rossman،2006 )

**کۆکردنەوەی داتا:**
لەم لێکۆڵینەوەیەدا، توێژەر داتای دووەمیی بەکارهێناوە، کە ئەویش بریتییە لە دیوانێکی کۆشیعریی، کە لەلایەن شاعیر و نووسەری کورد "هەندرێن" نووسراوە و لە چاپخانەی باسە، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری سلێمانیی لەچاپدراوە.
داتای دووەمیی، بەو داتایە دەگووترێت، کە کۆکراوەتەوە، یاخود لەلایەن کەسێکەوە بە مەبەستێکی دیاریکراو نووسراوە، بە واتایەکی تر، ئامانجێکی دیاریکراو لە کۆکردنەوە، یاخود نووسینی ئەو داتایانە لەلایەن نووسەرەوە هەیە، بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوەدا لەوانەیە بە مەبەستێکی تر بەکار بێت. (Dale،1998 .et al ). لەم پەڕتووکەدا (چیایەکانی من) توێژەر هەوڵیداوە، کە نموونەیەک لە شیعرەکانی شاعیر وەربگرێت و لەژێر ڕووناکی تیۆری دەروونشیکاریی شیان بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش جۆری نموونەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بەکار هاتووە.

لەم جۆرە نموونەیەدا توێژەر هەلی یەکسان نابەخشێت بەو نموونەیەی، کە هەڵیدەبژێرێت بۆ شیکردنەوە، بەڵکو توێژەر مەبەستدارانە هەوڵدەدات نموونەیەک دەربهێنێت بۆ ئەوەی بیکات بە نموونەی لێکۆڵینەوە. (Kumar، 2011 ) لەوما توێژەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستدارانە ١٥ کۆپلە شیعری بۆ هەر یەک لەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیانە بەکار هێناوە، کە مەبەستیەتی.

**شیکردنەوەی داتاکان:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی داتا پشت بەستراوە بە شیکردنەوەی دەق ( Context analysis) لە پەرتووکی چیایەکانی من، بۆیە لە ڕێگەی ئەو میتۆدەوە هەوڵ دەدەین شیکردنەوە بۆ ئەو دەقانە بکەین، کە لەخۆگری میکانیزمی بەرگری دەروونین. ڕەنگبێت ئەم پەرتووکە خوێندنەوەی جۆراوجۆر و تیۆری جۆراوجۆریشی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی مەبەست بێت لەم لێکۆڵینەوەیە؛ خوێندنەوەیەکە، کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەق بۆی کراوە، چونکە لە ڕێگەی ئەو میتۆدەوە دەتواندرێت خوێندنەوە بۆ دەق و وێنەکان ...تاد بکرێت.
بە گشتی میتۆدی شیکردنەوەی دەق گرینگی دەدات بە کەرەستەکان، کە لەوانەیە ئەو کەرەستەیە، یان ئەو دەقە مانای جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت، لەوما لە ڕێگەی ئەو میتۆدەوە دەتواندرێت ئەو مانایەی، کە توێژەر مەبەستیەتی بەو کەرەستەیە ببەخشێت. (Koshal،2011 )

**ئەنجام و گفتوگۆ:**

**ڕەنگدانەوەی میکانیزمی بەرگری دەروونیی لە شیعردا**

لە ڕوانگەی ڕەوتی دەروونشیکارییەوە، ناوەخنی مرۆڤ سادە نییە، بەڵکو هەموو ئەو لایەن و ڕەهەندانەی، کە لە ناخی مرۆڤدا بوونیان هەیە، کە ڕێگرییان بەسەر پرۆسەی دەرکەوتە ئەدەبی و هونەریەکاندا هەیە و ئەدەب و هونەریش بریتین لە پەیامی نائاگایی ئەو ناوەخنە شاراوەیەی، کە لە ڕێگەی ئەدیب، یاخود هونەرمەندەوە بەکردە دەکرێن. هزرڤانانی ئەم بوارە پێیان وایە، کە شیعر کەرەستە و ڕێگەیەکە، کە شاعیر وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی بەکاری دەهێنێت، بۆ ئەوەی خۆی لەو فشارە ناوەکیانە دەرباز بکات، کە لە بەکردەکردنیان تووشی بەربەست و دژایەتی دەبنەوە. لە ئەنجامی ئەو کردارەشدا شاعیر دەتوانێت داهێنانی شیعریی بئافرێنێت، چونکە شاعیر بەپێی بارودۆخە شاراوەییەکانی ناوەخنی خۆی، بە شێوەیەکی نائاگاییانە و لە ڕێگەی شیعرەوە گوزارشت لە ناوەخنی خۆی دەکات. کەواتە دەتوانین بڵێین، کە بەرهەمەکانی ئەدەبیی پێوەستن بە لایەنی دەروونی شاعیر و هەر ئەم بارودۆخەشە، کە وا لە شاعیر دەکات بەرەو کردەی داهێنان هەنگاو بنێت. (مەلازادە، 2016: 300) هەربۆیەش دەبینین شاعیر لەو بەرهەمەیدا (چیایەکانی من) کۆمەڵێک میکانیزمی بەرگری دەروونیی بەکار هێناوە، یەکێک لەو میکانیزمانەش بریتییە لە "چەپاندن"، شایەنی باسە ئەو میکانیزمە بەرگریە دەروونیە بریتییە لەوەی، کە مرۆڤ

زۆر خواست و خولیای هەیە، کە هەوڵدەدات بەدەستیان بهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک خواست و خولیا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە بە یاساغ و قەدەغەکراو دادەنرێن، بۆیە تێرکردنیان مرۆڤ تووشی لە سنوورلادانی یاسا کۆمەڵایەتیەکان دەکات. لەم چوارچێوەیەدا ناچارین، وەک میکانیزمی بەرگری دەروونیی ئەو خواستانە بچەپێنین، تا ئەو کاتەی، کە کات و شوێنی گونجاو دەڕەخسێت، ناکرێت تێریان بکەین. زۆر جاریش هەیە ئەو خواستە چەپێندراوانە، تا کۆتایی ژیان لەگەڵ مرۆڤ دەمێننەوە. (عوسمان، 2013: 145) بۆ ئەم مەبەستە شاعیر دەڵێت:

**"گوتنی ترم زۆرە بۆت. لێ ناتوانم بۆت بنووسمەوە"** (هەندرێن، 2012: ٢٧)

ئەگەر سەرنجی ئەم دێڕە بدەین، دەبینین، کە نووسەر زۆر بە ڕوونی باس لەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیە دەکات بەوەی، کە ناتوانێت شتی تری بۆ بنووسێتەوە. بۆیە، وەک بەرگرییەک بۆ فشارەکانی "ئەو" ناچارە بیچەپێنێت. لە خودی دێڕەکەدا دیارە، کە نووسەر قسەی زۆرتری ماوە بۆ گوتن، لێ لەبەر ئەوەی ڕێگری کولتووریی هەیە، کە ناتوانێت بێژێت، بۆیە ناچارە بیان چەپێنێت، هەروەک چۆن میران (2012) پێی وایە، کە کۆمەڵگەی کوردیی لەڕووی مۆرک و سیما ئێتنیکییەکانیەوە، بە دوو جۆر لە مەعریفە لەقاڵب دراوە، ئەوانیش مەعریفەی ڕەمەکی و ئایینیین، کە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە و بەشێوەیەکی توند لەگەڵ دیاردەکانی تری کولتووری کۆمەڵگە تێکەڵ بوونە، ئەمەش وادەکات، کە لە کردە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قەبوولکراو نەبن. سەرباری ئەمەش لە دێڕێکی تریشدا دەڵێت:

**"دێڕیک دەنووسمەوە و ڕامانێکی تر لە یاد دەکەم. لێ تشتێک هەیە کە قەت ناگوترێت: هەقیقەت"**
(هەندرێن، 2012:٥٠)

لێرەشدا وشەی قەت ناگوترێت، بۆخۆی ئاماژەیەکە بۆ چەپاندن. واتە ئەو هەقیقەتەی، کە نووسەر دەیەوێت بیڵێت، لەوانەیە تووشی لۆمەی کۆمەڵایەتیی، یاخود هەر لۆمەکردنێکی تری بکاتەوە. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت: شتی زۆرترم هەیە، کە گەرەکە بیانڵێم، لێ ناگوترێتن، کەچی لە هەمان کاتیشدا، ئەو گوتنانە لە خودی خۆیدا هەقیقەتن. لەم ڕوانگەیەشەوە سیوەیلی (٢٠٠٤) پێی وایە، کە کۆمەڵگەی کوردیی، کۆمەڵگەیەکی داخراوە و قسەکردنیش لەبارەی خۆشەویستییەوە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە لەو کۆمەڵگەیانەدا کەمتر بوار بەوە دەدرێت، کە تاک ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەستە سۆزداریەکانی بکات. بۆیە ناچارە لە گوزارشتکردن لە هەستە سۆزداریەکانی، ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە دێڕێکی تردا، کە هێمای چەپاندنی پێوەدیارە دەڵێت:

**"من کە تۆ بە چاوتروکانێک ناودێر دەکەم، چیت بۆ بگێڕمەوە؟"** (هەندرێن، 2012: ١٧).

ئەگەر سەرەنج بدەین، دەبینین شاعیر زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو لە دۆخی چەپاندن دایە، چونکە بۆخۆی دەڵێت: کە ناتوانم ناوت بێنم و بە ناوێکی تر بانگت بکەم، ئەدی چیت بۆ باس بکەم؟ بێگومان نەتوانین لە ناوهێنانی ئەو کەسەی، کە لە خەیاڵی شاعیر دایە، بۆخۆی

ئاماژەیەکە بەوەی، کە بەربەست لە گۆکردنی ناوەکە دایە و ناچارە بیچەپێنێت. چونکە کۆمەڵگەی کوردیی، کۆمەڵگەیەکی نەریتییە و بەدرێژایی مێژوو، شێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ڕەگیان بەناو جەستەی کۆمەڵگەی کوردییدا داکوتاوە. هەروەک هێگڵ پێی وایە، کە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەستە و تاک، کە هەڵگری جۆرێک لە بیرکردنەوەی جیاوازن، ناچارن مل بۆ نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگە کەچ بکەن. (هەندرێن، 2008: 43)

کەواتە دەتوانین بڵێن، کە میکانیزمی بەرگری دەروونیی چەپاندن، دۆخێکە ئەوکاتە بەکاردێت، کە ئەو خواستانەی لە ڕووی کولتووریی و ئایدیاڵییەوە، پەسەند نین و ناتواندرێت تێربکردرێن، مرۆڤ ناچار دەبێت بە چەپاندنی، تا کات و دەرفەتێکی لەبار دەڕەخسێت بۆ تێرکردنیان.

یەکێکی تر لەو میاکنیزمە بەرگریە دەروونیانەی، کە شاعیر بەکاری هێناوە بریتییە لە "پاساوهێنانەوە". ئەم جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیە ئەو کاتە بەکاردەهێنرێت، کە کارێک، یاخود ڕەفتارێک ئەنجام دەدرێت، دواتر دەبێتە هۆی نیگەرانیی. جا بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو نیگەرانیە ڕزگاری ببێت، هەوڵدەدات هەندێ پاساو بهێنێتەوە. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی، کە ڕەوایی بە کارەکەی، یاخود ڕەفتارەکەی بدات. بە واتایێکی تر، پەردەپۆشکردنی ئەو بارودۆخەی، کە مرۆڤ ئەنجامی داوە. بۆ نموونە؛ دەستبەرداربوون لە خۆشەویستیی کەسێک، کە جوودابوونەوەی دەبێتە هۆی ئازاردان و هەستکردن بە نیگەرانیی، جا بۆ ئەوەی تاک کەمێک ئەو نیگەرانیانەی کەم بکاتەوە، هەوڵدەدات هەندێ پاساوی وەک ئەوە بەکاردێنێت، کە بڵێت: ئەو کەسە لەگەڵم نەدەگونجا، جوان نەبوو، ڕەفتاری نائاسایی بوو ...تاد، (شاملۆ: 2010: 57) وەک ئەوەی کە شاعیر دەڵێت:

**"تا ژیان دیل بکەم، دەبێ فەرامۆشت بکەم"** (هەندرێن، 2012: ١٦)

لێرەدا، شاعیر بۆ ئەوەی هەوڵبدات، کەسەکە لەیاد بکات، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە، کە ناتوانێت بە ئاسایی ژیان بەڕێ بکات، جا بۆ ئەوەی بتوانێت ژیان دیل بکات، ناچارە پاساوی ئەوە بهێنێتەوە، کە کەسەکە لەیاد بکات، چونکە هەرچەند لە قۆناغی ڕابردوو، کە ژیانی پێوەستە بە کەسێکی ترەوە، ئەوا لە ئێستادا ئەو پێوەستبوونە بەشێوەی کردەیی (نەک دەروونیی) لەبارچووە، بۆیە هەبوونی دۆخێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی دروستبوونی فشاری دەروونیی. هەروەک قەزاز (٢٠١٠) پێی وایە شێوازێک لە ژیان، کە کەسیەتی لە ڕابردوودا خۆی لەگەڵ گونجاندووە، بەڵام لە ئێستادا ناتوانێت ئەم هەستە بەرجەستە بکاتەوە، ئەوا مرۆڤ بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ ئاڕاستە دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەشێوییەکی دەروونیی. واتە مرۆڤ کەوتووەتە نێوان ململانێی هەستی ڕابردوو و هەنووکە. جا بۆ دەربازبوون لەم فشارە دەروونیە، مرۆڤ هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی، بۆ ئەوەی خۆی لەو فشارانە دەرباز بکات. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر دەڵێت:

**"تۆ هی من نیت، بۆیە لە بەیادهێنانەوەت ناگەم"** (هەندرێن، 2012: ٥١)

له سەرنجدانی ئەم دێڕەدا ئەوەمان بۆ بەدەردەکەوێت، کە شاعیر هەوڵی ئەوە دەدات پاساو بەوە بهێنێتەوە، کە ئەو هی خۆی نییە، بۆیە ناتوانێت بەیاد خۆی بهێنێتەوە، کەچی هەر لە دێڕی سەرەوەتردا ئاماژە بەوە دەکات، کە لە کاتی ڕێکردن بە شەقامەکاندا، یادەوەرییەکانی ئەو دەدوێنێت. هەروەک قەزار (٢٠١٠) پێی وایە، کە ئەم میکانیزمە کاتێک بەکاردەهێندرێت، کە ڕووداوەکان بە خواستی کەسەکە ڕوونەدەن، بۆیەش کەسەکە بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی خۆی هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیە. هەروەها لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**"هەنووکە بە شەقامەکانەوە دەڕۆم و چیای یادەوەریی دەدوێنم"** (هەندرێن، 2012: ٥١)

ئەگەر دیقەتی ئەو دێڕە بدەین دەبینین، کە شاعیر سەرباری ئەوەی پاساوی بەیادنەهێنانەوەی هێناوەتەوە، بەڵام خودی ئەو دێڕەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنێت، کە شاعیر تەنیا بۆ سووککردنی ئەو نیگەرانیانەی، کە نائاگایی فشاری بۆ دەهێنن، هەوڵدەدات وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی ئەم پاساوە بهێنێتەوە.

شایەنی باسە، میکانیزمی بەرگری دەروونیی پاساوهێنانەوە، بریتییە لە دۆخی نەتوانینی مرۆڤ، لە دەست پێڕانەگەیشتن بە هەندێک خواست. جا بۆ ئەوەی، کە فشارە دەروونیەکانی بەدەستهێنانی ئەم خواستە کەم بکاتەوە، ناچارە بەوەی، وەک فێڵێکی دەروونیی پاساو بە هەندێ شت بهێنێتەوە، کە ئەگەرن لە دەسپێڕاگەیشتنی.

سەرباری ئەمانەش شاعیر میکانیزمی بەرگری دەروونیی "دانەپاڵ"یشی بەکارهێناوە، کە مەبەست لەم جۆرە میکانیزمە ئەوەیە، مرۆڤ هەندێ ئەدگار دەداتە پاڵ کەسێکی تر، بە مەبەستی ئەوەی فشارە دەروونیەکانی کەم بکاتەوە. واتە مرۆڤ ئەو ئەدگارانەی، کە لە خۆیدا بە نەرێنیی دەزانێت، دەداتە پاڵ کەسێکی ترەوە و بە هەبوونی ئەو ئەدگارە تاوانباری دەکات. (مەلازادە، 2016: 351) هەروەک دەڵێت:

**"ئەوەتا من دەتنووسمەوە و تۆش رووخسارت بەرەو کەسێکی تر وەردەگێڕی. یادەوەری من تۆی خۆشدەوێ و تۆش ئاگات لە بێخەوی من نییە"** (هەندرێن، 2012: ٣٣).

بە سەرەنجدان بۆ ئەم دێڕەی سەرەوە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر لە لەیادکردنی نێوان دوو یار بەشتێکی نەخوازراو دەزانێت، جا لەبەر ئەوەی، کە لە دەستپێڕاگەیشتنی یار بێبەشە، ئەوا یار بەوە تاوانبار دەکات، کە ئەو ئاگای لەو شەونخوونی و بێداریانەی ئەم/ شاعیر نییە و نازانێت، کە ئەو چەندە لە دووری ئەو دڵتەنگە. بۆیە بۆ دووبارە گەیشتنەوە بەیار، ئەوا دڵبەرەکەی مەحکوم بەوە دەکات، کە بێباکە لە ئاست دووری و بێخەوی ئەم، چونکە "خۆشەویستی پێوەندی تاکەکەسێکە بە کەسێکی ترەوە و وادەخوازێ لەو پێوەندییەدا لایەنی بەرامبەر، نەک هەر لە فانتازیا و دوور لە کەسی یەکەم ئامادەیی هەبێت، بەڵکو پێویستە ئامادەیی کردەیی هەبێت لەو پێوەندییەدا

و پێوەندییەکە لە پێوەندییەکی تاکجەمسەرییەوە بکاتە پێوەندییەکی جووتجەمسەرییانەی واقیعی." (سوەیلی، 2004: 35) شاعیر لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**"بمبیستە: من هەبوونت دەنووسمەوە، تۆش لێگەڕێ بوونم بەردەوام بێ"** (هەندرێن، 2012: ٢٠)

لەم دێڕەشدا شاعیر ئەوە پیشان دەدات، کە بوونی یار لە خەیاڵیدا، ڕێگەی بەردەوامی "بوون"ی سەخت کردووە، بۆیە یار بەوە مەحکوم دەکات، کە ڕێگەی بوونی لێنەگرێت. شاعیر، وەک میکانیزمێکی بەرگریی دەروونیی، هەوڵی ئەوە دەدات، کە ئۆباڵی ڕێگریەکانی بەردەوام بوون، لە "بوون"ی خۆی، بخاتە ئەستۆی یار و بەوە تاوانباری بکات. لەم بارەوە ئەریک فرۆم دەڵێت:

"خۆشەویستی هێزێکی کاریگەرە لە مرۆڤدا، هێزێکە ئەو دیوارانە دەبڕێت، کە مرۆڤ لە هاوڕێکانی جیادەکاتەوە، هێزێکە لەگەڵ کەسانی دیکەدا یەکی دەخات، خۆشەویستی وای لێدەکات بەسەر هەستی گۆشەگیری زاڵ بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی پێدەدات خۆی بێت، تەواوەتی خۆی بپارێزێت." (فرۆم، ٢٠٠٦: ٥٢). لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**"دەنگم بەناو چاوتروکانە بێکۆتاییەکانەوە نقووم دەبێ. تۆش بێباکانە دەمخوێنیتەوە"** (هەندرێن، 2012: ٤٥)

لێرەشدا شاعیر بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانیەکانی دوور لەیار، ئەوا وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی یار بەوە تاوانبار دەکات، کە بێباکە لە ئاست ئەو هاوار و چاوترووکانانەی، کە ئەو/ شاعیر بۆ یاری دەکات، کەچی لە بەرانبەردا ئەو بێباکانە دەیخوێنێتەوە لە چاوترووکان و گۆکردنەکانی ئەم تێناگات. لەم ڕووەوە سیوەیلی (٢٠٠٤) پێی وایە، کە خۆشەویستی پێوەندی نێوان دوو کەسە، کە هەردوولا لە هەنبەر سۆز و خۆشەویستی یەکتردا وەفاداربن، ناکرێت یەکێکیان وەفادر و ئەویتریان بێباک بێت لە ئاستی، چونکە بێباکبوونی یەکێک لەم دووانە، خۆشەویستی لە ڕەوتی دوولایەنەوە دەگۆڕدرێت بۆ خۆشەویستی تاک لایەن.

بەکورتی دەتوانین بێژین، کە دانەپاڵ یەکێکی ترە، لەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیانەی، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، بە مەبستی ئەوەی، کە ئەو ئاکار و ڕەفتارانەی بۆخۆی پێی پەسەند نین، بیداتە پاڵ کەسێکی تر و بەو ئاکار و ڕەفتارانە تۆمەتباری بکات.

میاکنیزمێکی بەرگری دەروونیی دیکە بریتییە لە "گواستنەوە"، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە، ئەم جۆرە میکانیزمەش بریتییە لەوەی، کە زۆر جار خواستەکانی "ئەو" ناتواندرێت تێربکرێت، (هەروەک لە پێشووتریشدا ئاماژەمان پێدابوو) چونکە ڕێگریەکانی "منی باڵا" کۆسپی بۆ دروست دەکات، لەو نێوەندەشدا ئەرکی "من" دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکە، کە بتوانێت ئەو هەردوو خواستە لە یەککاتدا ڕازی بکات؛ بۆیە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی ئەو خواستە بۆ خواستێکی تر، کە جێگەی ڕەزامەندبوونی "ئەو" و کەمتر جێگەی نیگەرانی "منی باڵا" بێت. (عوسمان، 2013: 149) هەروەک شاعیر دەڵێت:

**"تۆ ئێستا لە نێو لێوەکان، لەناو وشەکانمدا دەبییە تامێکی تەڕ، دەبیتە گیایێک لە بۆنی چیایەکی ئاوارە"** (هەندرێن، 2012: ٩)

شاعیر، لەم دێڕەدا هەوڵدەدات لە ڕێگەی وشەکانیەوە، قەرەبووی ماچی یار بکاتەوە، چونکە هەروەک لەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیە ئاماژەمان بەوە داوە، کە "من" بۆ ڕازیکردنی خواستەکانی "ئەو" و "منی باڵا" بەدوای ڕێگەیەکی تردا دەگەڕێت، تا بتوانێت ئەو فشارانە کەم بکاتەوە. بۆیە شاعیریش هەوڵی ئەوە دەدات، کە بە نووسین خەیاڵی ماچی یار بەدەست بهێنێت. واتە گواستنەوەی ئۆبژەی یار بۆ خەیاڵێک، کە بە یارەکەی بچوێنێت. ڕەنگبێت هۆکاری ئەمەش بوونی ئەو هزرە خێڵەکییەی کۆمەڵگەی کورد بێت، چونکە کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە و تاکەکانی کۆمەڵگە بەتوندی وابەستەن بە یاسای خێڵ. (قەرەداخی، 2004: 65) جا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە، ئەوا هەمیشە خۆشەویستی بە شتێکی نەشیاو و دوور لە یاسای خێڵ داندراوە. (کەریم، 2005: 111) جا ئەگەر پێوەندی خۆشەویستیی لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە شتێکی نەخوازراو بێت، ئەوا ماچی یار تابۆیەکی گەورەترە، هەربۆیە ڕەنگبێت شاعیر، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی، بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی ماچی یار بە وشە بەرجەستە بکات. لە دێڕێکی تریشدا دەڵێت:

**"تۆش لە هەر کوێیەک بیت، منیش وەک پەیڤێک دەتبینم"** (هەندرێن، 2012: ١٦)

بەهەمان شێوەی دێڕەکەی سەرەوە، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی وشەوە، یار وەک تابلۆیێک نیگار بکات و وشەکانی ببن بەو نیگارەی، کە شاعیر بتوانێت یارەکەی تێدا ببینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەرەنجی دێڕەکە بدەین دەبینین، شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە، کە جۆرێک میکانیزمی بەرگری دەروونیی درووست بکات، هەرچەند یار لێیەوە دووریش بێت، بەڵام هەر دەتوانێت بە پەیڤەکانی، دڵبەر وێنا بکاتەوە. لە دێڕێکی تریشدا دەڵێت:

**"دەچم مورەبای هەنار دەخۆم، چێژی مەمکەکانتم لەزماندا دەزێتەوە"** (هەندرێن، 2012: ٣٦)

لەم دێڕەشدا شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە، خواردنی مورەبا لە جێگەی تامی مەمکی یار دابنێت، تا بتوانێت، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی، خواستە چێژخوازەکانی "ئەو" و خواستە ئایدیاڵییەکانی "منی باڵا"ش ڕازی بکات.

کەواتە گواستنەوە، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی ئەوکاتە بەکاردێت، کە مرۆڤ نەتوانێت خواستەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێر بکات، جا بۆ ئەوەی هاوسەنگی دەروونیی خۆی لەهەنبەر فشارەکانی تێرکردنی ئەم خواستە بەدەست بهێنێت، هەڵدەستێت بە گۆڕینی ئۆبژەی سەرەکی، بۆ ئۆبژەیەکی تر.

یەکێکی تر لەو جۆرە میکانیزمانەی شاعیر بەکاریهێناوە، بریتییە لە "گەڕانەوە"، کە ئەوەش مەبەست لێی ئەو جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیەیە، کە مرۆڤ خواستی گەڕانەوەی بۆ ئەو قۆناغە ڕابردووانەی هەیە، کە تێیدا ئارامتربووە لەو قۆناغەی ئێستا. واتە قۆناغی پێشووتری

تەمەنی، کە بەو شێوازەی ئێستا تووشی دڵەڕاوکێ و پەشیمانبوونی نەکردبووەوە. (شاملۆ، 2010: 58)

دەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە میکانیزمە بەرگریە دەروونیە، ڕەنگە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ ئیلهامبەخشین بە نووسەر، کە سەرئەنجام وای لێکردبێت پەڕتووکێک لە شیعر بئافرێنێت، چونکە ئەگەر شیعر لەلای شاعیران خەیاڵێکی ئافرێندراو بێت، ئەوا لەو پەڕتووکەدا شیعرەکان بریتین لە خودی ئەو حەقیقەتانە، کە خودی ئەزموونی شیعری شاعیر لە ڕۆژگاری خەباتی شۆڕشگێڕییدا ئەزموونیکردوون و لە فەنتازیای نائاگاییدا ماونەتەوە. جا لە هەمیشەیی گەڕانەوەی ئەو فەنتازیا چەپێندراوانەوە بۆ ئاگایی، تابلۆیەک لە شیعری پێبەرهەم هاتبێت. سەردەمێک لە شۆڕەشگێڕیی و خەباتکردنێکی سەربەرزانە بۆ گەلێکی ژێردەستە و بەردەوامی شاعیر، لە کارلێککردن لەگەڵ سروشتی وڵات، ڕەنگە هۆکارێکی سەرەکی بێت، کە دووبارە خواستی گەڕانەوەی بۆ ئەم قۆناغە هەبێت. ئەگەر خوێنەر ئەم پەڕتووکە بخوێنێتەوە ئەوا زۆر بەڕوونی هەست بەم میکانیزمە بەرگریە دەروونیە دەکات، بەڵام سەرباری ئەوەش لە هەندێ گوزارشتا زۆر بە ئاشکرایی ئەم دۆخە دەردەخات. بۆ نموونە دەڵێت:

**"ئەوە منم لە خەونێکی قورسدا سەفەری مەفرەزەیەکی ئاڵاو بە بناری چیایەکی ژێر کازیوەیەکی زامدار دەگەڕێمەوە کە ناوەکەیم بەیاد نایێتەوە"** (هەندرێن، 2012: ٦)

لە سەرەنجدان بۆ ئەم دێڕە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە خواستە نائاگاییەکانی گەڕانەوە بۆ قۆناغی پێشووتر، لەلای نووسەر ڕەنگدەداتەوە، چونکە هەندێ وشە و ئاماژەی وەک "ئەوە منم لە خەونێکی قورسدا... تاد" ئەوە دەردەخات، کە نائاگایی لە دۆخی کارابووندایە، چونکە هەروەک ئاشکرایە، کە زۆربەی زۆری چەپێندراوەکانی ناو نائاگایی لە ڕێگەی خەونەوە دووبارە دەبنەوە. (دۆنسیێل، 2005: 22) بۆیە لە دەروونشیکاریی بەگشتی و لەنێو دەروونشیکارییشدا فرۆید بەتایبەتی، گرینگییەکی ئێکجار گەورەی بە خەون داوە و پێی وابووە، کە لە ڕێگەی خەونەکانەوە دەتوانین ئاشنای بارودۆخی کەسەکان ببین. لێرەشدا خەون بینین بە سەفەرێک، کە لەو سەفەرەدا نووسەر بارودۆخی سەردەمی پێشمەرگایەتی، کە سەردەمانێک بوو ژیانی لەگەڵ دەگوزەراند، دووبارە دەیهێنێتەوە نێو ئەو بارودۆخە. سەرباری ئەمەش وشەکانی وەک *"ناوەکەیم بەیاد ناهێتەوە"* ئەوەش بۆخۆی ئاماژەیەکە بۆ بارودۆخی نائاگایی، چونکە دەروونشیکارەکان لەو باوەڕەدان، کە زۆر جار بارودۆخە نائاگاییەکان لە کاتی خەون بینیندا لێڵ و ناڕوون دەکەن. هەورووەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**"گەرەکمە بۆ چرکە ساتێک لە دایکبیمەوە و ئەوسا لەناو ئەو جەنگەدا ڕاسیمەوە"** (هەندرێن، 2012: ٣٣)

لەم دێڕەشدا شاعیر، وەک میکنیزمێکی بەرگری دەروونیی، بە بەکارهێنانی ئاواتخوازیی گەڕانەوەی تەمەن، هەوڵی ئەوەدەدات فشارە دەروونیەکانی خۆی کەم بکاتەوە، چونکە وەک دیارە بە ئاشکرا

گوزارشت لەوە دەکات، کە دەیەوێت دووبارە بە لەدایکبوونەوە، تەمەنێک لەو ڕۆژگارەی، کە شۆڕەشگێریی تێدا کردووە، بیگەڕێنێتەوە، تاوەک ئەو ئاسوودەیییەی، کە پێشووتر هەیبوو، لە ئێستادا وێنای بکاتەوە. لەم بارەیەوە فرۆید پێی وایە، کە ئەو ویستانەی کە لە قۆناغی پێشووتری تەمەن تێرنەکراون، لەناو ناچن، هەمیشە دەمێننەوە و بەردەوام لە نائاگایی مرۆڤدا لەشێوەی هێما خۆیان دەردەخەن، ئەویش بەو هیوایەی، کە فشاری ویستەکان لەسەر دەروونی مرۆڤ، کەم ببێتەوە. (عەبدولڕەحیم، 2007: 30) لێرەشدا شاعیر دەیەوێت، بۆ کەمکردنەوەی فشارە دروونیەکانی خۆی، ویستی گەڕانەوە بۆ قۆناغی پێشووتر، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی بەکار بهێنێت.
گەڕانەوە، وەک میکانیزمی بەرگریی، ئەو دۆخەیە، کە مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ ئەو قۆناغەی ئێستای، قۆناغی پێشووتری ژیانی پێخۆشتر و ئارامتر بووە. جا بۆ ئەوەی بتوانێت ئارامی پێشووتری بەدەستبهێنێتەوە، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی، خواستەکانی قۆناغی پێشووتری تەمەن بەشێوەیەک لە شێوەکان دەیەوێت بەکردەیی بکاتەوە.

**دەرئەنجام:**

میکانیزمی بەرگری دەروونیی، بریتین لە کۆمەڵێک ڕێسا، کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان دەهێنێت، ئەو میکانیزمە بەرگریە دەروونیانە لە نائاگاییەوە سەرچاوە دەگرن، بە مەبەستی ئەوەی، کە لە هەنبەر فشارە دەروونیی و سۆزداریەکان هاوسەنگی دەروونیی بەدەست بهێنێت. لەم بارەیەوەش دەروونشیکارەکان پێیان وایە، کە زۆرجار ئەو میکانیزمە بەرگریە دەروونیانە لە شێوەی شیعر خۆیان دەنوێنن، چونکە لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیی، لەچوارچێوەی بارودۆخێکی دەروونیی تایبەت دێتە ئاراوە. لەم نێوەندەشدا لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە؛ شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبیی، کەرەستە و هۆکارێکی ترە، کە شاعیر لە دەربڕینە شیعرییەکاندا، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی لەهەنبەر خواستە بەدینەهاتووەکانی بەکاری دەهێنێت. لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە میکانیزمی بەرگری دەروونیی لە شێوەی شیعر لە پەرتووکی کۆشیعری "چیایەکانی من" ڕەنگیداوەتەوە. شاعیر لە دەربڕینە شیعرییەکانیدا، کۆمەڵێک میکانیزمی بەرگری دەروونیی بەکارهێناوە، بەو مەبەستەی کە خۆی لە فشارەکانی ویستە چەپێندراوەکان و ئەو ویستانەی، کە لە نائاگایی شاعیردا بوونیان هەیە، دەرباز بکات. شاعیر لە چەند دێڕێکدا هەوڵی ئەوەی داوە، کە هەندێ حەز و خولیا بچەپێنێت، ڕەنگبێت ئەوەش بەهۆی ئەو ڕێگریی و یاسا کۆمەڵایەتیانەی جڤاک بێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هەوڵی ئەوەشی داوە، کە وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی بەشێوەی دەربڕینی شیعریی، هەڵبستێت بە دانەپاڵی هەندێ ئاکار، بە کەسێک و بەو ئاکارەش لۆمەی بکات، بۆ ئەوەی خۆی فشارەکانی ناخی کەم بکاتەوە.

یەکێکی تر لەو میکانیزمە بەرگریە دەروونیانەی شاعیر بەکاری هێناوە، بریتییە لە گەڕانەوە. لەم جۆرە میکانیزمەدا شاعیر ویستوویەتی بە دەربڕینی شیعریی، بەرجەستەی قۆناغەکانی پێشووتری تەمەن بکاتەوە، تاوەک بتوانێت ئەو ئارامییەی، کە لە قۆناغی پێشووتردا هەیبووە، لە ڕێگەی شیعر ئاواتی بۆ بخوازێت و بەم کردارەشی ئارامی ناخ بەدەست بهێنێت. گواستنەوە، وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونیی، یەکێکی ترە لەو فێڵە دەروونیانەی، کە شاعیر بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشارەکانی ناخی بەکاری هێناوە، ئەویش بە بەکارهێنانی چەند دەربڕینێکی شیعریی، کە هەڵساوە بە گواستنەوەی هەندێ بابەت، بە بابەتێکی تر، چونکە وا دەردەکەوێت کە بابەتی یەکەم ڕەنگبێت بەربەست لە گەیشتن پێی دروست ببێت، بۆیە وەک فێڵێکی دەروونیی لەهەنبەر خۆیدا، هەڵساوە بە گواستنەوەی بابەتەکە بە بابەتێکی تر.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە بە زمانی کوردیی


1. باری، پیتێر (2009). ڕەخنەی دەروونشیکارانە. وەرگێڕانی مەنسووری و ئیبراهیم سەوقی، *نەرێکار*، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
2. برێسلێر، چارلز (2002). *ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی*، وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
3. حوسێن، دکتۆر هیمداد (2007). *دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی خانی-دهۆک.
4. دۆنسیڵ، جەی. ئێف. (2005). *دەروونشیکاریی ئەو سیستەمانەی لێی جیابوونەتەوە*، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
5. ڕەسوول، هەلمەت بایز (2012). *ڕەهەندی دەروونیی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
6. سوەیلی، ڕێبوار (2004). *لە پێوەندییەوە بۆ خۆشەویستی*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وازارەتی پەروەردە.
7. شاملۆ، د. سەعید (2010). *قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.
8. عوسمان، نازەنین (2013). *بنەماکانی دروستی دەروونیی*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد.

9. عەبدولڕەحیم، عەدنان (2007). *فرۆید و سروشتی مرۆڤ*، وەرگێڕانی کەماڵ فاروق، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.
10. عەزیز، عزالدین احمد (2010). *بنەماکانی دەروونزانی گشتی*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
11. فرۆم، ئەریک (2006). *هونەری خۆشەویستی*، وەرگێڕانی محەمەد وەسمان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپەمەنی گەنج.
12. قەرەداخی، عەتا (2004). چەمکی *دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا*، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگەی چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
13. قەزاز، ئازاد (2010). *کەسێتی و ململانێی دەرونی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.
14. کەریم، سەروەر (2005)، عیشق و *خۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیعدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەوار.
15. میران، د. ڕەشاد (2012). *مەعریفە و تاک و کۆمەڵ*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
16. مەلازادە، ڕێبوار محەمەد(2016). *نالی و سایکۆلۆژیای شیعر*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
17. هومەر، شۆن (2017). *ژاک لاکان*، وەرگێڕانی غەریبە حوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
18. هەندرێن (2008). *وەرچەرخان لەبیرکردنەوە دابڕان لە ستەمگەری*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند.
19. هەندرێن (٢٠١٢). چیا*یەکانی من*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی باسە.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزیی**

1. BOGDAN، R.، and BIKLEN،S.،K.،(1992) *Qualitative Research for Education: An Introduction to Theory and Methods*. London: Allwyn and Bacon.
2. DALE، A.، ARBER، S.، and PROCTER، M. (1988). Doing The Secondary Analysis. London: Unwin Hyman.

3. Kumar، Ranjit (2011). *Research Methodology a step-by-step guide for Beginners.* Third edition، SAGE Publications Ltd، New Delhi.
4. MARSHALL، C.، and ROSSMAN، G. (2006). *Designing Qualitative Research*. (4،illustrated ed.). London، Sage.